Leeds Health & Care Partnership

*بۆ گوێگرتن لەم نامەیە بە کوردی سۆرانی یان بینینی زانیاریەکان بە زمان یان شێوازێکی جیاواز - تکایە بە کامێرای سەر ئامێری*
*مۆبایلەکەت QR کۆدەکە سکان بکە.*

یان ئەم بەستەرە بەکار بهێنە؛
[Cervical screening - Leeds Health and Care Partnership](Cervical screening - Leeds Health and Care Partnership)

خۆشحاڵ دەبین کە بەبیرت بهێنینەوە کە پشکنینی سکرینی ملی منداڵدان (سمیەر تێست) بۆ تۆ ئێستا کاتی هاتووە. وادەی پشکنینەکەت بەڕاستی بۆ تەندروستیت گرنگە و ئەوە بێ بەرامبەرە.

پشکنین ملی منداڵدان پشکنینێک نییە بۆ شێرپەنجە. ئەوە پشکنین بۆ HPV (پاپیلۆما ڤایرۆسی مرۆیی) ئەنجام دەدات لە ملی منداڵداندا کە بۆی هەیە ببێت بە شێرپەنجە ئەگەر چارەسەر نەکرێت. تەنانەت ئەگەر ڤاکسینی HPV یشت وەرگرتبێت هێشتا هەر زۆر گرنگە کە خۆت لە شێرپەنجەی ملی منداڵدان بپارێزیت لەڕێگەی ئامادەبوونەوە لە وادەی پشکنینی ملی منداڵداندا.

ئێمە دەمانەوێت دڵنیات بکەینەوە کە ئەمە پشکنینێکی ڕۆتینییە کە هەموو ساڵێک لە شانشینی یەکگرتوودا ژیانی هەزاران لە مردن ڕزگار دەکات.

پشکنینەکە لەلایەن پەرستارێکی نۆڕینگەوە ئەنجام دەدرێت  کە هەموو هەنگاوەکانی پشکنینەکەت بۆ ڕوون دەکاتەوە وەڵامی هەر پرسیارێک دەداتەوە کە دەشێت تۆ هەتبێت.  ئەگەر حەز بکەیت دەتوانیت یەکێک لەگەڵ خۆت بهێنیت بۆ وادەکە.
ئەنجامەکانت بە نامە دەنێردرێن بۆ تۆ بۆ ماڵەوە و بۆ ئێن ئێچ ئێس NHS ئەپ و بەتەواوی نهێنین.

وادەکان دەتوانرێت پێشوەخت دابنرێن. تکایە پەیوەندی بە نۆڕینگەکەوە بکە بۆ دانانی کاتێک کە بۆ تۆ لەبارە. ئەگەر هەر نیگەرانی یان داخوازییەکی تایبەتت هەیە بۆ پشتگیریکردنت بۆ ئامادەبوون لە پشکنینەکەدا تکایە لەکاتی دانانی وادەکەدا پێمان بڵێ و ئێمە ئەوپەڕی هەوڵ دەدەین کە ئەوانە چارەسەر بکەین.

تەندروستیت بەلای ئێمەوە گرنگە - هەموومان پێکەوە دەتوانین شێرپەنجە ڕابگرین بەر لەوەی کە دەست پێبکات.

زانیاری زیاتر دەربارەی پشکنینەکە دەتوانرێت لەسەر ماڵپەڕی ئێن ئێچ ئێس NHS ببینرێتەوە لە
www.nhs.uk/conditions/cervical-screening

ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین کە بەم زوانە وەڵامی تۆمان بەدەست بگات.